# بنچینەکانی رۆژئاواناسی

ن: یان بوروما*
و. بۆ کوردی: عەولآ بەهرامی

کاتێك کە رۆژئاوا دەکەویتە بەر پەلاماری سوپایی، وەك ئەوەی لە ١١ی سێپتامبردا روویدا، زۆرتر نەك لە خودی ئەمریکا بەڵکوو لە هەموو جیهان دا گریمانە دەکرێ کە مەبەست لە رۆژئاوا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. ئەمە لافی چەپەکانە، واتە کەسانێك کە لەو بڕوایە دان سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا (یان هەمان" ئیمپریالیسم") و هێزی ئابووریی ئەو( هەمان" جیهانی کردن") بۆتە هۆی سەرهەڵدانی بۆمبدانەرە خۆکوژەکانو خەباتکارانی پیرۆز (لە راستیدا خەباتی پیرۆز ـ وەرگێری کوردی) ، واتە کاتێك کە ئەمریکا هەزاران کەسی لە سەرانسەری جیهان خستۆتە پەراوێزەوەو لە مەترسیی خستوون، مرۆڤگەلێك کە لە سودمەندبوون لە سیستمی سەرمایەداری بێ بەش بوون. بەڵام ئەم لافەی پێشوو خۆپارێزەکان (کۆنسێرڤاتیڤەکان)یش دەگرێتەوە، کەسانێك کە پێیان وایە بونیادگەرایی ئیسلامی وەك نموونەکەی پێش خۆی واتە کومۆنیسم، هێرشێکە لە دژی"بایەخەکانی" ئێمە لە رۆژئاوا یان هەمان "شێوە ژیانی ئەمریکایی".

دیارە دەبێ قبووڵ بکرێ کە لە هەردووکی ئەم لافانەدا هێندێك حەقیقەت هەیە. پانتایی جیهانیی واڵ ستریت، هالیوودو هێزە سوپاییەکانی سوپای ئەمریکا دنەدەری رەنجانو دڵگران بوونو تا ئەو جێگایەی کە ئەم جۆرە رێکخستنانە به نوێنەری شێوە ژیانی ئەمریکایی لەقەڵەم بدرێن لە راستیدا دەبنە ئامانجگەلێك بۆ جیهانی ئیسلامی . کەواتە راستە دەکرێ سیاسەتی دەرەکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵە بێ و رەنگیشە دڕندانە. سەرمایەداریی جیهانی هەم دەتوانێ زیانی زۆری لی بکەوێتەوەو

هەمیش، سوود. لە كۆتاییدا ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بۆتە تەنیا زلهێزی رۆژئاوایی و بەكردەوە بۆتە سیمای رۆژئاوا  وەك گشتێكو ولاتانی وەك ئیسرائیل كە وەك نوێنەرانی ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە قەلەم دەدرێن دوژمنایەتیەكی توند ئەویش تەنیا بەم هۆیەوە دەوروژێنن.

هەرچەند ئەو جۆرە توندوتیژییە كە ئیستا رووی لە ئامانجە رۆژئاواییەكانە، لە ناوەندی بازرگانی جیهانییەوە بگرە تا دیسكۆتی لە بالی، تەنیا لە ئەمریكادا كورت نابێتەوە. هەروەها ناتوانین تەنیا ئەوان لە لایەنەكانی ئابووریی جیهانی دا كورت بكەینەوە. تەنانەت ئەو كەسانەی كە بەلگەیەكی باشیان هەیە بۆئەوەی هەژاریی خۆیان بگەرێننەوە بۆ شێوازە توندوتیژەكانی سەرمایەداریی‌و پشتگیریكراو لە لایەن ئەمریكاوە  كەمتر وایە كە لە شوێنەگشتیەكان دا خۆیان بە بۆمب بتەقێننەوە بۆ ئەوەی ژمارەیەكی زۆرتر لە خەلكی ئاسایی بكوژن. ئێمە تا ئیستا سەبارەت  بەو بۆمبدانەرانەی كە لە گەڕەكە هەژارنشینەكانی "رێو"یان بانكۆكەوە هاتبێن شتێكمان نەبیستوە. لە راستیدا لێرە بابەتێكی دیكە لە گۆڕێ دایە كە ئاڤیشامارگلیت (Avishai Marglit) (كەسێك كە هاوكاریی ئەوم كردوە بۆ نووسینی كتێبێك بە ناوی رۆژئاواناسی)و منو ئەو بە رۆژئاواناسی لە قەلەم دەدەین: شەڕ لە دژی تێگەیشتنێكی تایبەت لە رۆژئاوا نە نوێیەو نە تایبەتی توندڕەوە ئیسلامییەكانە. جیهادییەكانی ئیستا رۆژئاوا وەك شتێك كەمتر نیشانەیەكی مرۆڤایەتی هەیەو ئەو شتەی كە دەبێ وەك شێرپەنجە لە نێو ببردرێ، چاو لی دەكەن. ئەم فكرە بنچینەگەلێكی مێژوویی هەیە كە زۆر تەمەن درێژترە لە "ئیمپریالیزمی ئەمریكایی". لە رابردوودا دوژمنایەتییەكی هاوشێوە ئەگەرچی هەمیشە كوژەر نیە ـ هەر بەو رادەیە سەبارەت بە بریتانیاو فەڕانسە لە گۆڕێ دابووە كە رووی لە ئەمریكایەو كەواتە بیرۆكەی رۆژئاواناسیی رۆژئاوا چیە؟

ئەمە گرفتێك بوو دەستەیەك لە كەسایەتیە رووناكبیرییە ناسراوەكانی ژاپۆنی كە سالی ١٩٤٢لە كیوتۆ كۆبوونەوە، تووڕە كردبوو. هێرشی سوپایی بۆ پیرل هاربور هۆكاری روالەتیی پێك هاتنی ئەم كونفرانسە نەبوو، بەلكوو بیرۆكەی سەرەكی‌و شاراوەی ئەو، دۆزینەوەی پاساوێكی ئیدیۆلۆژیكی بوو. بۆ ئەو ئەركەی ژاپۆن دەیهەویست بە ئەنجام گەیاندنی ئیمپراتوۆریی رۆژئاوا لە ئاسیا تێك بشكێنێ‌و جێگای بگرێتەوە. تەوەری سەرەكیی باسەكە ئەوە بوو كە" چۆن دەتوانن بە سەر مودێرنیتە دا سەركەون". مۆدێرنیتە ئەو شتە بوو كە پێوەندییەكی لە پچڕان نەهاتووی لە گەل رۆژئاوا هەبوو.

لە روانگەی بەشداربوویەكی ژاپۆنیەوە رۆژئاوایی كردن وەك نەخۆشیەك وابوو كە رۆحی ژاپۆنی ئالوودە كرد. لە روانگەی یەكێكی دیكەوە "هەرشتێكی نوێ" هاوتا بوو لە گەل "شتێكی رۆژئاوایی". ئەوانی دیكە لەو بڕوایە دابوون كە "ئەمریكایی خوازی وەك دوژمن وایە ژاپۆن دەبوو لە گەل ئورووپاییەكان یەك بگرێ‌و لە شارستانەتیی كۆن لە بەرانبەر دنیای نوێدا بەرگری بكا" (دیارە نابێ گومانمان هەبێ كە ئەو قسانە لە ئورووپاش كڕیاری هەبوو). سەبارەت بە پسپۆڕگەریی نا سلامەتی زانست كە تەواوێتی رۆحی كلتووری رۆژهەلاتی لەت

لەت دەکا زۆر قسە کرا.هەر بۆیە زانست بەخراپ دەزانراو هەر بەم شێوەیە سەرمایەداریو راکێشرانو دڵبەستەیی کۆمەڵگای ژاپۆنی بە تیکنۆلۆژیو هزری ئازادیی تاکەکەسیو دیموکراسیش. ئەوشتانە بوون کە بۆ" سەرکەوتن" بەسەریان دا دەبوو لە سەرەوەی ئەرکەکان دابنرایە.

راستە ئەم دەستەواژانەو شێوە دەربڕینە ئەوانی دیکەش کەڵکیان لی وەرگرتووە، لە شوێنو کاتی دیکەدا. خوێن، خاکو رۆحی "نەتەوە" ئەو شتانە بوون کە رۆمانتیکە ئاڵمانییەکانی لە کۆتایی سەدەی ١٨و سەرەتای سەدەی ١٩دا بە دژی ویستە جیهانداگرەکانی رۆشنگەری فەڕانسەیی، شۆڕشی فەڕانسەو سوپای داگیرکەری ناپلئۆن ورووژاندبوو. خوێندنەوەیەکی ئەوتۆ لە رۆحی نەتەوەیی سلاڤییە رووسیەکانی سەدەی ١٩یش کاریان پێکردوە، واتە ئەو کەسانەی کە بۆ هێرش بۆ سەر "رۆژئاوا گەراکان" کە مەبەست لەوان لایەنگرانی چاکسازیی لیبراڵی بوو کەڵکیان لیوەرگرتبوو. ئەم حاڵەتە زۆر جار هاتۆتە پێشێ، لە دەیەی٣٠ی سەدەی رابردوودا، کاتێك کە فاشیستەکانو سوسیالیستە نەتەوەخوازەکانی ئاڵمان بە شوێن رێگایەك دا بۆ تێکشکاندنی "ئەمریکا خوازەکان" ،" لیبراڵە ئانگلۆساکسۆنەکان" و "جیهان نیشتمانە بێریشەکان" (واتە جوولەکەکان)دەگەڕان. زانای گەورەی مەجارستانی ئەیورێل کۆلنای ( Aurel kolnai) لە دەیەی ٣٠ ی سەدەی بیستەم دا سەبارەت بە ئیدیۆلۆژیی فاشیزم لە ئۆتریشو ئاڵمان کتێبێکی نووسیو ناوی"شەڕ دژی رۆژئاوا"ی لە سەر دانا.کومۆنیسم، لە قۆناغی دەسەڵاتداریتیی ستالین دا لەگەڵ ئەوەی کە بەرۆلەی دورە (دوو تۆرەمە)ی رۆشنگەریو شۆڕشی فەرانسە لە قەڵەم دەدرێ، بوو بە دوژمنی سوێند خواردووی لیبرالیسمی رۆژئاوایی و"جیهان نیشتمانە بێ ریشەکان". زۆر لە توندڕەوە موسوڵمانەکان چەمکە دژە رۆژئاوایەکانی خۆیان لە روسیەو ئاڵمان وەرگرتووە. بناخەدانەرانی حیزبی بەعسی سوریە لە خوێنەرە شێلگیرەکانی تیۆریە نژادیەکانی ئاڵمانی پێش شەڕ بوون. جەلالی ئالی ئەحمەد رووناکبیری ئێرانی و خاوەن نفووز لە دەیەی ٦٠دا واژەی "رۆژئاواچی"(غرب زدگی)ی دەست هەڵبەست کرد، تا بتوانێ شوێنەواری زیانباری شارستانەتیی رۆژئاوا بۆ سەر فەرهەنگەکانی دیکە وێنا بکا. ئەویش لە ریزی هۆگرەکانی تیۆری ئاڵمانیی خوێنو خاك دا بوو.

بێ گومان وێنا کردنی رۆژئاوا وەك هێزێکی جەوهەر خراپو زیانبار بیرۆکەیەکی رۆژهەڵاتی یا رۆژهەلاتی نێوەراستی نیە، بەڵکوو ریشەیەکی قووڵی لە خاکی ئورووپادا هەیە واتاکردن و سنووردار کردنی لە دەستەواژە مێژووییەکان دا کارێکی ساکار نیە. رۆژئاواناسی بە دڵنیایەوە بەشێك بوو لە رەوتی دژە رۆشنگەری، بەڵام وەك پەرچەکردارێك لە بەرانبەر سنعەتی کردن دا. هێندێك لە مارکسیستەکان بۆ لای ئەوەکشان، بەڵام دیارە، دەبێ دوژمنەکانی ئەوان لە جەمسەری راست دا بدۆزینەوە. رۆژئاواناسی شۆڕشێکە لە بەرانبەر ئاوەزگەرایی (مرۆڤی ساردو سڕو مکانیکیی رۆژئاواییو شارستانەتیی ماشینی) دژی سیکولاریزم، هەروەها لە دژی ئاوەزگەرایی. بەڵام کاتێك دەتوانین قسە لە رۆژئاواناسی بکەین کە دژە

شۆڕشی رۆژئاوا شێوازێکی تەواو وێرانکەری هەبێ، کاتێك کە رۆژئاوا وەك شتیکی کەمتر مرۆیی وێنا دەکرێو کاتێك شۆڕش واتایی مرۆڤ کوژیی هەیە.

لە هەر جێگایەك بتوانرێ رۆژئاواناسی بدۆزرێتەوە، بە هۆی چەمکێك لە خۆبەکەمزانیو شکەستەوە تەیار دەکرێ. ئایزایابێرلین جارێك بەم شێوەیە شۆڕشی ئاڵمانی لە دژی ناپلئون پێناسە کرد: "نموونەیەکی رەسەنە لە پەرچەکداری کۆمەڵگایەکی زۆر دواکەوتوو، چەوساوە، یان کۆمەڵگایەك کە لە ژێر کاریگەری هەستی ژێر دەستەبوون دایە، بە سەرنج دان بە رەنجانێك کە لە ژێردەستیی رواڵەتی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی هەیەتی، بەگەڕانەوە بۆ سەرکەوتنە راستەقینە یان دەسکردەکانو شکۆو مەزنیی رابردوویان بە هۆی تایبەتمەندییە ئێرەیی هێنەرە نەتەوەییو فەرهەنگییەکانی خۆی، پەرچکردار نیشان دەدا".

راست هەر ئەم گوزارەیەش دەتوانرێ سەبارەت بە ژاپۆنی دەیەی ٣٠ی سەدەی بیستەم بەکار بهێنرێ . واتە نزیکەی دوای سەدەیەك هەست کردن بەوە کە سەرنجی نەدراوەتیو ژێر دەستەی رۆژئاوا بووە، رۆژئاوایەك کە ژاپۆن هەوڵی دەدا بە تەواوی لاسایی دەسکەوتەکانی بکاتەوە. ئەگەر سەبارەت بە رووسیەش کە زۆرتر لە رۆڵی تازە بەسەر داکەوتوویەکی پلە نزم دا لە سنوورەکانی ئاسیاو ئورووپایدا لە ململانێ دا بوو. بەڵام هیچ شتێك ناتوانێ بگاتە ئەو وێنای شکستو بە کەمگرتنەی جیهانی عەرەبی داگرتبوو، شارستانەتییەك کە سەردەمێك شکۆمەندییەکی زۆری هەبوو. بەڵام ئێستا لە هەموو بارێکەوە لە پاش رۆژئاوای پێش رۆشنگەری بە جێماوە.

هەست کردن بە بچووك بوون زۆر بە سانایی دەتوانێ ببێتە ئاینێك لە پاکیو رەسەنایەتی. لە نێو تایبەتمەندییە ئازاردەرەکانی رۆژئاوادا کە بۆتە هۆی بێزارییەکانیش لافی جیهان داگربوونیەتی. مەسیحیەت بڕوایەکی جیهانگرەوەیە، بەڵام بڕوای رۆشنگەری بە ئاوەزگەراییش بەم جۆرەیە. ناپلێۆن لایەنگرێکی جیهانگەرایی بوو کە بڕوای بە رێوشوێنو یاسا ژیارییە جیهانگرەوەکان بۆ هەموو هاوولاتییە ژێردەسەلاتەکانی هەبوو. ئەم بڕوایە کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نوێنەری بایەخە جیهانگرەکانەو ئەرکێکی خوایی هەیە بۆ بلاوکردنەوەی تۆوی دێموکراسی ئەویش لە جیهانێك دا کە گیرۆدەی تاریکیو نەزانییە، دەگەڕێتەوە بۆ هەمان نەریتی جیهانگەرایی. هێندێك لەو بایەخانە بە راستی دەتوانن جیهانگرەوە بن. دەتوانین وابێنینە بەر چاومان کە هەموو مرۆڤەکان لە دێموکراسی یان کەڵك وەرگرتن لە ئاوەز بەهرەمەند بن. یاسا ناپلێۆنییەکان سوودی زۆریان لەگەڵ خۆیان هێنا. بەڵام کاتێك کە رێگاچارە جیهانگرەوەکان بە زۆر بسەپێنرێن یان کاتێك کە خەڵك هەست بکەن کە کەوتوونەتە مەترسییەوە یان بە کەم دانراون یان رکەبەریان لەگەڵ ئەو هێزانەی پشتیوانی لەو رێگا چارانە دەکەن نیە، ئەمە بەو واتایەیە، کە ئێمە شایەدی گەڕانەوەیەکی مەترسیدارین بۆ رووبەروبونەوەی پاکداوێنیو پاکی.

دیارە تەواوی خەیاڵەکانی رەسەنایەتیی ناوچەیی و بێ هاوتایی فەرهەنگی زیانهێنەر یان هەڵە نین، هەروەك ئایزایا بێرلینیش ئاماژەی پێکردوە، ئەستوونی چەماوەی مرۆڤایەتی بەبێ هاوهەنگاویو بەزۆر بە ستاندارده جیهانداگرەکان راست نابێتەوە. ئەو ئەزموونانەی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ رۆحی مرۆیی بوویانە دەری دەخا کە خیاڵە جیهانداگرەکانی

ئێمە تا چەند دەتوانێ پڕ لە دوژمنی بێو هەستە شاعیرانەکانی سەدەی ١٩ی ئایدیالیستە ئاڵمانییەکان زۆرتر دەوایەکی بە جێو شیاو بوو بۆ ئاوەزگەریی دوگماخواز کە لەگەڵ رۆشنگەریدا هات.

واتە کاتێك کە پاکداوێنی یا رەسەنایەتی یان بڕوا یان نژاد پاککردنەوەو پالاوتنی ئەوەی لـێبکەوێتەوە کە بە رواڵەت نارەسەنە یان ئیدیعا دەکرێ نارەسەنە، ئەو کاتەیە کە کوشتاری بەکۆمەڵ دەست پێدەکا. ئەم راستییە کە بزووتنەوە دژەسەهیونیزمو دژە جوولەکە زۆرتر بە دوژمنایەتیی رۆژئاوا لە قەڵەم دەدرێ بە دڵنیاییەوە نابێ شتێکی بەهەڵکەوت بێ. تەنانەت لە ژاپۆن، واتە ئەو جێگایەی کە جوولەکەکان لەوێ هیچ نەخشێکیان لە ژیانی نەتەوەییدا نەبوو. یەکێك لە بەشداربووانی کۆنفرانسی بەناوبانگی ١٩٤٢ پێشنیار دەکا کە شەڕ دژی رۆژئاوا شەڕێکە بەرامبەر "شارستانەتیی ماددەگەرای زیانبار" کە لەسەر هێزی سەرمایەداریو ماڵیی جوولەکەکان دروست بووە. لەهەمان کات دا ئورووپاییە دژە جوولەکەکان ـ دیارە نەتەنیا هەر لە ئاڵمانی نازی ـ جوولەکەکانیان لەبەر بولشویست بوون بە خەتابار دەزانیو سەرکۆنەیان دەکردن.

بەڵام بولشویسمو سەرمایەداری لەم چەمکەدا کە سنوورە نەتەوەیی، نژادی یا فەرهەنگییەکان گرنگیی پێنادرێ، سیستم گەلێکی جیهاناگرن. لەوەڕا کە جوولەکەکان بە شێوەیەکی نەریتی بە هۆی داکۆکیکارانی پاکداوێنیو پاکی بە زگماك بێگانە لە قەڵەم دەدران، واتە هەر لەسەرەتاوە "جیهان نیشتمانخوازی بێ ریشە"ن. کەواتە سەیر نیە وەك هەڵگرانی سەرەکیی ویرووسی جیهانخوازی چاویان لـێبکرێ. بێگومان جوولەکەکان بەڵگەی پشت ڕاستیان بوو بۆ ئەوەی لە چەمکەکانی وەك یەکسانی لە بارەگای یاسا، بیروڕای سیاسیی سیکولارو ئەنترناسیونالیسم نزیك ببنەوە، ئەوەش لە رەگەزە سوسیالیستییەکەی بێ یان کاپیتالیستییەکەی بێهاوتا بوون چ نژادی بێ یا ئایینی یا نەتەوەیی هەرگیز بۆ کەمایەتییەکان شتێکی باش نیە. تەنیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوو کە جوولەکەکان شێوەی تایبەت بە خۆیان لە نەتەوەو بێهاوتایی بوونیان داهێنا. بەڵام سەهیۆنیسم لە رۆژئاواوە هات. هەروەها ئیسرائیل لە روانگەی دوژمنەکانیەوە بە پێگەی کلونیالیستی "رۆژئاواچێتی" لەقەڵەم دەدرێ. سەرکەوتنی ماددیی ئیسرائیل تەنیا واتای زەبوونیی مێژوویی عەرەبی زیاد کرد.

هەرچەند ئەو وێنایە کە جوولەکەکان بێ دەروونن یا لاساییکەری بێرۆحن زۆر کۆنترە لە دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل. ئەمە یەکێك لە باوترین تۆمەتە دژە جوولەکەکان بوو کە بە هۆی رێچارد واگنێرەوە بەکار هێنرا. ئەو نە یەکەم کەس بوو کە ئەو کارەی کردو دیارە تۆمەتێکی نوێشی بەکارنەهێنابوو. کارل مارکس بۆخۆی کە کوڕە گەورەی خاخامێك بوو، جوولەکەکانی بە کۆمەڵە مشەخۆرێکی چاوچنۆك دادەنا کە رۆحیان لە رەگەزی پارە بوو. هەر ئەم جۆرە قسانە زۆربەی ئورووپاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم سەبارەت بە ئینگلیسییەکان بەکاریان دێنا. تیۆردۆر فانتین نووسەری گەورەی پروەی کە تا رادەیەك پەسن وێژی ئینگلیس بوو [گوتوویەتی]، ئایینی گوێرکەی زێڕین "نەخۆشیی خەڵکی ئینگلیسە". ئەو لەم

بارەیەوە بەم ئاکامە گەیشتبوو کە کۆمەڵگای ئینگلیسی بە هۆی "ئەم تا زەردە زێڕینەو ئەم فرۆشتنی رۆح بە ماڵی دنیایە" سەرنجام لەنێو دەچێ. ئەمرۆکەش ئەم جۆرە قسانە سەبارەت بە ئەمریکاییەکان دەکرێ.

هەڵسەنگاندنو بەراورد کردن ـ واتە راگرتنی حیسابی پارەکان، بەرژەوەندیو بەڵگە زانستییەکانو شتی لەم جۆرە ـ وەك شتی بێرۆح دادەنرێو بڕوا ئەوەیە کە رەسەنایەتی لە شێعر، سروش چارەنووسی کوێر دایە. لە روانگەی رۆژئاواناسانەوە، کۆمەڵگای رۆژئاوایی وەك کۆمەڵگایەکی بورژوا، یەخسیری ئامرازەکانی ئاسوودەیی، هەوەسە ئاژەڵییەکان، بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانو هێمنایەتی وێنا دەکرێ. ئەمە کۆمەڵگایەکە پێکهاتبوو لە ترسەنۆکەکان، ژیان زۆر بەبایەختر دەزانن لە مردن. هەروەك یەکێك لە شەڕکەرەکانی تالیبان لە شەڕی ئەفغانستان دا گوتبووی، ئەمریکاییەکان هەرگیز سەرناکەون چونکە ئەوان هۆگری کۆکاکۆلان لە حاڵێك دا خەباتکارە پیرۆزەکان ئەوینداری مردنن. ئەمە دیارە هەمان گوتاری فاشیستە ئیسپانییەکان لە شەڕی نێوخۆیی داو ئیدیۆلۆگەکانی نازیو فرۆکەوانە خۆکوژە ژاپۆنیەکانە. قارەمان واتەکەسێك کە بەبێ هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکانی خۆی کار بکا. ئەو بەبێ سەرنجدان بە بە هێمنایەتیی خۆی کار دەکا، هەردەم ئامادەیە گیانی بۆ ئامانجەکەی ببەخشێ. قارەمانی رۆژئاواناسانە، چ نازییەك بێ یان ئیسلامگەرایەك بە یەك رادە ئامادەن بۆ لەنێوبردنی ئەوانەی کە پەڵەیان لە پاکداوێنیو نژاد یان ئایین خستوە. لە راستیدا ئەو ئەرکی ئەوەیە کە ئاوها بکا. کاتێك کە رۆژئاوا بە مەترسییەك بۆ سەر رەسەنایەتی بژمێردرێ، کەواتە ئەرکی سەرشانی هەموو قارەمانێکی پیرۆزە کە هەر شتێك پێوەندی بە "سەهیۆنیستە خاچییەکان"ەوە هەبێ لەنێوی بەرن، جا ئەوە "کەشتییەکی چەنگاوەری سوپای ئەمریکا بێ یان باڵوێزخانەی ئینگلیس، یان گۆڕستانی جوولەکەکان، یان بەشێکی گەورە لە مانهاتان، یان دیسکۆتەکێك لە "بابی". بایەخە سیمبولیکەکانی ئەم هێرشانە لانیکەم بەرادەی زیانە دروست بووەکان گرنگیی هەیە. کەواتە چ شتێك سەبارەت بە شەڕی پیرۆزی ئیسلامخوازەکان لە بەرامبەر رۆژئاوادا نوێیە؟ رەنگە ئەوە کۆی بۆچوونی ئەوان بێ. ئیسلامخوازی وەك دەرمانی رۆژئاواچێتی، ئاوێتەیەکی کۆنە لە جیهانیبوونو بێغەلو غەش بوون. جیهانی بوون چونکە هەموو مرۆڤەکان دەتوانن ـو لە روانگەی موئمینەکانەوە دەبێ ـ ببنە موسوڵمانی توندڕەو، پاك لەبەر ئەوەی کە هەرکەس ولامی (نا) بەم بانگەوازە بداتەوە تەنیا رۆحێکی لەدەست چوو نیە، بەڵکوو تاکێکی بێ شارستانەتییە کە دەبێ لەسەر زەوی بسڕدرێتەوە.

هیتلێر دەیهەویست جوولەکەکان ریشەکێش بکا، بەڵام بە چاوی دوژمنەوە نەی دەڕوانیە هەموو رۆژئاوا. لەراستیدا ئەو بە شوێن یەکیەتییەوە بوو لەگەڵ بریتانیاو نەتەوە "ئاریایی"یەکانی دیکەداو کاتێك کە بۆچوونەکانی کڕیاری نەبوو هەستی بەوە کرد خیانەتی پێکراوە. لایەنگرانی ستالینو ماویستەکان دوژمنە چینایەتییەکانی خۆیان لەنێودەبردو لە دژی سەرمایەداری خەباتیان دەکرد. بەڵام ئەوان هەرگیز جیهانی رۆژئاوایان بە شتێکی

کەمتر مرۆییو شتێك کە دەبێ لەسەر زەوی بسڕدرێتەوەو لەنێو بچێ، دانەدەنا. سوپاچییەکانی ژاپۆن شەڕیان لەگەڵ ئیمپراتۆریی رۆژئاوا دەست پێکرد، بەڵام هەرشتێکی شارستانەتیی رۆژئاوایان بە شارستانەتیی ـ وەحشییەکانو بەربەرەکان دانەدەنا. پشکی ئیسلامخوازەکان لە مێژووی دوورو درێژی رۆژئاواناسیدا بریتییە لە روانینێکی ئایینی بۆ رەسەنایەتیو پاکداوێنی کە بە پێی ئەو رۆژئاوای بتپەرست، هەرچۆنێك بێ دەبێ لەنێوببردرێ. پەرستنی جێگرەوەی خوا لە ئیسلامدا خراپترین گوناهەو هەروەها لە ئایینی جوولەکەی کۆنیشدا. رۆژئاوا، بەو شێوەیەی ئیسلامگەراکان لێی تێگەیشتوون، جێگرەوەی خوا، پارە، سێکسو هەوسەکانی دیکە دەپەرستن. لە جیهانی دڕندەو بێفەرهەنگی رۆژئاواییەکاندا بیروباوەڕو یاساو مەیلە مرۆییەکان جێگای پاشایەتی خودایان گرتۆتەوە. وشەی شیاوی ئەوان بۆ دۆخێکی ئاوا نەزانییە ("جاهلیت") کە دەتوانێ بە واتای بتپەرستی، نەزانیی ئایینی یا بەربەرییەتو بێئاگایی بێ. وشەی "جاهلیت" سەبارەت بە عەرەبەکانی بەر لە ئیسلام بە واتای نەزانی بەکار هاتوە: ئەو مرۆڤانەی کە خوداگەلی دیکەیان دەپەرست چونکە خودایەکی دیکەیان نەدەناسی. بەڵام"جاهلیت"ی نوێ چەمکێکە لە بێشارستانەتیو بەربەرییەت کە دەتوانێ هەر شتێكو لە هەر جێگایەك بێ لە لاسڤیگاسو والستریتەوە تا کۆشکەکانی ریاز. بۆ ئیسلامخوازێك، هەر شتێك کە رەسەنو بێ غەش نەبێو سەر بە پاشایەتی خوا نەبێ بە مانای تەواوی وشە "جهالت"ەو دەبێ لەنێو بچێ.

راست هەروەك دوژمنە سەرەکییەکانی سلاڤییە رووسیەکان رۆژئاواخوازە رووسیەکان بوون، نزیکترین ئامانجەکانی ئیسلامخوازەکانیش لیبرالەکان، ریفورمخوازەکان و دەسەڵاتدارە سیکولارەکانی کۆمەڵگەکەیانن. ئەو پەڵە شوورەییانە جیددین دەبێ بشۆردێتەوە، بەڵام سەرچاوەی بەربەریەتێك کە پرێنسەکانی سعوودیو رووناکبیرانی ئەلجەزایریی لارێ کردوە هەر ئەوەیە کە بۆتە هۆی لارێ بوونی سۆزانیو گەوادە نیۆیۆرکییەکان، واتە خودی رۆژئاوا (ئەوسا لە روانگەیەکەوە هەموو بێدینەکان تاکێك نین بێجگە لە سۆزانیو گەواد). هۆکاری سەرەکیی جاڕدانی شەڕی پیرۆزیش دژی رۆژئاوا هەر ئەوەیە.

لەوەڕا کە ئامانجی خەباتکارانی پیرۆز تا ئەو رادەیە گەورەیە، زانینی ئەوە کە چۆن دەبێ لە بەرانبەر ئەواندا بەرگری بکرێ کارێکی ساکار نیە، بەڵام لەوە کە شەڕ دژی عێراق کاریگەرترین رێگای خەبات لەگەڵ ئیسلامخوازە جیهادییەکانە ناتوانین هەروا زوو تێبگەین. رژێمی بەعسی سەددام حسێن دیکتاتۆرییەکی جینایەتکار بوو کە هەقی خۆی بوو کۆتایی پێبهێندرێ، بەڵام لەگەڵ ئەو شۆرشە پیرۆزەدا لە رێبازێك دا نەبوو. هیچ جۆرە بەڵگەیەك کە نیشان بدا سەددام مەیلی لەنێوبردنی رۆژئاوای هەبێ بە دەستەوە نیە. بەڵام ئۆسامە بن لادن ـ بە راشکاوی ئەوەی دەویستو ئێستاش بۆ بەڕێوەبردنی پلانەکانی ئازادە. رەنگە هێرش بۆ سەر عێراق لە زۆر لایەنەوە جێگای خۆشحاڵی بێ، بەڵام [ئەم کارە] بەرەنگاری لەبەرانبەر شۆرشی ئیسلامیی دژوارتر کردوە. بە هۆی کردەوە سوپاییە شەڕخوازەکانی ئەمریکا ئێستا موسوڵمانە میانەرۆیەکان لە هەموو جێگایەك ناچار بوون بێدەنگ بن، واتە لەترسی ئەوەی کە وەك خائین یان تەنانەت خراپتر لەوەش بت پەرستانی بەربەر چاویان لـێبکرێ.

هەروەك کە پرێزیدێنت بووش بە دژوارییەکی تەواوەوە روونی دەکاتەوە شەڕ لەگەڵ تیرۆریسم شەڕ دژی ئیسلام یان ئایینێك نیە. هەوڵی توندوتیژانە بۆ سەپاندنی سیکۆلاریزم بە سەر کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا لە رابردوودا هاندەرێك بووە بۆ گرفتی توندرۆیە ئاینییەکانو ئێستاش نابێ وەك رێگا چارەیەك چاوی لـێ بکرێ. پێکهاتنی دەمارگیری لەم وڵاتانەدا تا رادەیەك پەرچەکردارێك بوو لە بەرانبەر سیکولاریسمی شەڕخوازو پەلاماردەرێکی وەك رەزا شا لە ئێران لە دەیەی ٣٠ی سەدەی بیستەمدا. ئەگەر بڕیار وایە لە جیهانی ئیسلامیدا ئازادییەکان لە رێگای دەوڵەتێکی یاساییەوە دابین بکرێن دەبێ لەم بارەیەوە ئایین سەرنجی پێویستی پێبدرێ. باشترین شانس بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی لە دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی وەك ئەندونیزی، تورکیەو عێراق کاتێك دەست دەکەوێ کە موسوڵمانە میانەڕۆیەکان بتوانن بە سەرکەوتوویی برۆنە پێشەوەو رێك بخرێن. بەڵام ئەم بزووتنەوانە دەبێ لە دەروونی خودی ئەم وڵاتانەوە پێك بێن. تەنانەت لەگەڵ ئەوەی کە دەوڵەتە رۆژئاواییەکان دەبێ پشتیوانی لە هێزە داکۆکیکارەکانی دیموکراسی لەو وڵاتانەدا بکەن، بەڵام خەباتێکی سیاسیی زۆر دژوار کە لە پێش دایە ناتوانێ لە واشنگتۆن یان لە رێگای سوپای ئەمریکاوە سەرکەوێ.

ئێمە لە رۆژئاوا دەبێ بەرگری لە ئازادییەکانمان بکەین لە بەرانبەر خەباتکارانی ئایینیدا کە تەواوی هەوڵیان لەنێوبردنی ئەوە. بەڵام دەبێ وریا بین بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە تەشوێ لە ریشەی ئازادی نەدەین. لە پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان هێمنایەتیو ئازادییە مەدەنییەکاندا، نابێ دووهەمیان بکەینە قوربانی. دەبێ ئێمە لە بەرانبەر وەسوەسەی وڵامدانەوەی ئاگر بە ئاگر دان بە خۆماندا بگرین، واتە خەبات لەگەڵ ئیسلامگەراکان بە شێوازی دوور لە لێبوردەیی ئەوان. ئەم فکرە کە ئێمە بە ناوی مەسیحیەتەوە لەگەڵ ئیسلامگەرایی شەڕ دەکەین، هەروەك هێندێك لە دەمار گرژەکان وابیر دەکەنەوە ـ هەڵەیەکی کوشندەیە، چونکە ئەمە راست بە واتای بە راست دانانی روانگەی دووانە خوازانەی ئەوانەیە کە هەوڵ دەدەن ئێمە شکست بدەن. نابێ رێگا بەو موسڵمانانەی لە رۆژئاوا دەژین بدرێ بچنە پاڵ بەرەی شەڕی پیرۆز دژی رۆژئاوا. بەڵام دەبێ رێز لە مافەکانی ئەوان وەك تاکەکانی ئورووپایی یان ئەمریکایی بگیرێ. مانەوەی ئازادییەکانی ئێمە بەستراوەتەوە بە ئامادەیی ئێمە بۆ بەرگری لەوان لە بەرامبەر دوژمنی دەرەکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابی رێبەرانی خۆمان کەڵك لە ترسەکانمان وەرگرن بۆ لەنێوبردنی ئازادییەکانمان .

(*) بان بوروما مامۆستای مافی مرۆڤو دیمۆکراسیو موتالای راگەیەنە نوێیەکان لە Bard Callegeو یەکێك لە وتارنووسە هەمیشەییەکانی بەشی رەخنەی کتێب لە بڵاوکراوەی نیویورکێرە. ئەو لەگەڵ ئاڤیشا مارگلیت کە مامۆستایە لە زانکۆی هیبرۆ لە ئورشەلیم کتێبێکی نووسیوە بە ناوی "رۆژئاواناسی لە روانگەی دوژمنانیەوە" کە لەلایەن چاپەمەنیی پنگۆئینەوە بڵاودەکرێتەوە.